## مەخموور لە دیدی هاووڵاتیانی مەخموور لە دەرەوەی وڵاتدا

# "زیاتر لە (50) هەزار کەس لەئەوروپا ئیقامەیان بەناوی مەخموور وەرگرتووە"

رەفیق سەید عوسمان(رەفیق بەرزنجی) لەساڵی 1963 قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەمەخموور تەواوکردووە، لەبەغدا پەیمانگای پیشەسازی تەواوکردووە، دانیشتووی وڵاتی بەریتانیایەو رەگەزنامەی بەریتانی هەیە، لەبارەی مەخموورەوە دەڵێت: بۆ مەخموور کاری وانەکراوە کەجێگای دڵخۆشی بێت، چونکە کەس خۆی بەخاوەنی مەخموور نازانێت، ئەگەر مەخمووریيەکان بەگشتی پشتگیری کاك غەفوور مەخمووری بکەن لەوانەیە زۆر شتیان بۆ بکرێت، بەڵام ئەگەر هەر ئاشقی بێگانە پەرستی بن حاڵیان هەر وادەبێت، ناتوانین بڵێین مەخموور کاری زۆر بۆ کراوە لەبەر ئەوەی شوێنەکان دیارن، ئەوە پەیمانگای پیشەسازیو شوێنی لاوانو شەقامەکانو وشکی شارەکە لە کەمی درەختو جوانکاری، بێ ئاوی هاووڵاتیان کە خۆیان لەبارەوەی دەدوێن.

فەرید عوسمان شاناز (فەرید مەخمووری) لەساڵی 1976 لەمەخموور لەدایك بووەو 11ساڵە لەدەرەوەی وڵات دەژیو ئێستا نیشتەجێی وڵاتی ئوسترالیایەو رەگەزنامەی ئەو وڵاتەی هەیە دەڵێت: بەوپێیەی من 25ساڵە لەو شارە دوورم، بەڵام تائێستا زۆربەی کەسوکارو هاورێیانم لەو شارە دەژینو لە رێگای ئینتەرنێت پەیوەندیم لەگەڵیان هەیە گەیشتوومە ئەو



شوان حەسەن حوسنی- کەنەدا

راستییەی کە بڵێم هیچ بۆ مەخموور نەکراوەو ئەو حکومەتە حیزبییەی لەمەڕ خۆمان ئاوڕی لەم شارە ستەم لێکراوە نەداوەتەوە، ئەوەیشی کراوە شایانی سوپاسو پیاهەڵدان نییە، بەڵکو شایانی ئەوەیە کە خەڵکی بەشمەینەتی مەخموور بەتایبەتی چینە رۆشنبیرەکەی بێنە دەنگو رەخنە بگرنو ئیتر قەبووڵی بەڵێنی درۆینەی دەسەڵات نەکەن، هەشت ساڵە مەخموور وەك بزنەکەی هەیاس لەنێوان ژیانو مەرگدا راگرتووە، لە کاتێکدا ئەو پارە خەیاڵییەی لەشتی پڕوپوچو بێ بنەما بە هەدەری دەدەن، دەتوانن لەسەدا یەکی ئەو پارەیەی بۆ تەرخان بکەنو خەڵکەکەی لەمەرگی حەتمی رزگار بکەن، وا خەریکە مەخموور لەبەر بێ خزمەتگوزاریو بێ ئاوو کارەباییو بێکاری چۆڵ دەبێت،



رەفیق سەیدعوسمان -بەریتانیا

ئەو خەڵکەی بەعس بەو هەموو سامناکیەی نەیتوانی چۆکیان پێ دابدات، بێکاری بێدادی چۆکیان پێ دادەداو لەزێدی بابو باپیرانیان ماڵئاوایی دەکەن، دەسەڵاتیش بەدەم هەڵدانی پێکی شەڕابی غرورەوە خۆش خۆش لەو زوڵمە دەڕوانێو لەبەر نەرەنجانی برا عەرەبەکان زاتی ئەوە ناکەن باسی کوردستانی بوونی ئەو شارە بکەن، ئەو برا عەرەبە حوشتر سوارە موسڵمانانەی دیارییان بۆ(ئیخوانونالئەکراد) هەڵەبجەو ئەنفال بوو، ئێستا دەبێ بچین لەبەغداو موسڵی کورداندا سواڵیان لێ بکەینو داوای بەخشندەییو میهرەبانیان لێ بکەین.

(شوان حەسەن حوسنی) تەمەن 55ساڵ، لەدایکبووی مەخموورەو 18ساڵە لە هەندەران دەژی، ئێستا



فەرید مەخمووری -ئوسترالیا

دانیشتووی وڵاتی کەنەدایەو رەگەزنامەی ئەوە وڵاتەی هەیە دەڵێت: پێش هەموو شتێك دەبێت پلانمان هەبێت بۆ پەروەردەی منداڵ، چونکە ئەوان هیوای دوارۆژی ئەو گەلەن، ئەگەر مەخموور لەگەڵ کۆیە بەراورد بکەین، ئەوا مەخموور وەکو کیسەڵ پێش دەکەوێو ئەوانی تر وەك کەروێشك بۆ مەسەلەی ئاوەدانکردنەوە، دەبێت چەند کارگەیەك دروست بکرێت بەتایبەت ئەوانەی کەرەستەی خاویان هەیە وەك گەچو چیمەنتۆ، هەروەها کارگەی ئارد لەنزیك سایلۆو دانانی پاڵاوگەی نەوت لە دیبەگەو پشتگیری کردن



گۆران مەخمووری- سوید

لەجوتیاران، دانانی زانکۆو پەیمانگاو یەکەی نیشتەجێبوون بۆ لاوان، لە کۆتایی قسەکانیشیدا (شوان حوسنی) وتی "ئامادەم بگەڕێمەوە کوردستانو ئەوەندەی ژیانم ماوە لەمەخموور بەسەر ببەم، راستە دەڵێن بەرد لە جێی خۆی سەنگینە.

گۆران مەخمووری یەکێکە لەو کەسانەی کە لەساڵی 1980 مەخمووری جێهێشتووە، ئێستا لەوڵاتی سوید دەژیت، لەبارەی ژیانو گوزەرانی خۆی، گۆران دەڵێت "لەوکاتەی بەهەزاران خەڵك خۆیان بەخەڵکی مەخموور ناونووس دەکەن بۆوەرگرتنی ئیقامە، کەچی من پێنج

ساڵ چاوەڕێم کرد تائیقامەم وەرگرت، زیاتر لە (50) هەزار کەس لەئەوروپا ئیقامەیان بەناوی مەخموور وەرگرتووە، بەداخەوە خەڵکی شارو شارۆچکەکان دیکە بۆوەرگرتنی ئیقامە خۆیان بە خەڵکی مەخموور دەنوسن، بەڵام مەخمووریيەکان لەهەندەرانیش مەغدوور بوونە، بەتایبەت زۆرێکمان بەزەحمەت ئیقامەمان وەرگرتووەو هەشە تائێستا وەری نەگرتووە".

لەبارەی رەوشی ئێستای مەخموور، مەخمووری دەڵێ "هیچ شتێکی ئەوتۆ بۆ مەخموور نەکراوە کە جێگەی باسکردن بێت، من لەساڵی 1980 مەخموورم جێهێشتووە ئەوکاتی مەخموور لەئێستا زۆر پاکو خاوێن ترو ئاوەدان تر بوو". لەبارەی بێدەنگی خەڵکی مەخموور لەبەرانبەر داواکرنی مافەکانیان، گوتی "مەخمووریيەکان ئازاری زۆریان چەشتووە لەدەست رژێمی بەعسو زوڵمو ستەم، بۆیە ئێستا بەو ئازادییەی هەیە رازین، کە بێدەنگیشن لەبەرئەوەیە کە ئەوان هێشتا تینیوەتی ئازادیان نەشکاوە، ئامادەن قوربانی بدەن تەنیا لەبەرئەوەی هەوای ئزادی هەڵمژن".

جێگەی باسە رژێمی رووخاوی بەعس لەساڵی 1988 خانووی خانەوادەی گۆران مەخمووریان تەقاندەوەو تەوڵی

## مێژووی مۆبایل

مێژووی سەرهەڵدانی مۆبایل بۆ ساڵی 1947 دەگەڕێتەوە ئەوکاتەی کۆمپانیای لۆست تەکنۆلۆژی دەستی بەتاقیکردنەوەکان لەکارگەکەی لە نیوجێرسی کرد، بەڵام خاوەنی یەکەم مۆبایل نەبوو، بەڵکو خاوەنی ئەو دەستکەوتە مارتن کۆپەری ئەمریکی توێژەر لەکۆمپانیای مۆتۆرۆلا بۆ پەیوەندییەکان بوو لەشیکاگۆ، کە یەکەم پەیوەندیکردنی لە 3ی نیسان/1973 ئەنجامدا، تەلەفۆنی گیرفان – مۆبایل یان گەڕۆك- بریتیە لەبازنەی وەرگرتنو ناردن لەڕێگەی ئامازەی لەرەلەری لەمیانی وێستگەکانی ناردنی زەوینیو ئاسمانیی، تەواو هاوشێوەی ئاماژەکانی رادیۆ، بەڵام مۆبایلو تۆڕە زەوینەکانی لەرادیۆ جیاوازەو ئامازە لەرەلەرییەکانیشی وەکو ئاماژەکانی کێشانی دڵەو هەڵکشانو داکشانی هەیەو زۆر بەهێزەو دەگاتە 20 مێگاهێرتزی ناردنو وەرگرتن لەیەك چرکەدا، دەربارەی شێوازی پەیوەندیکردنیش لەرێگەی بازنەیەکی



تەواو دەبێت کە خۆی لەمۆبایلی کەسیو سویچی سەرەکی تایبەت بەکۆمپانیاو هێڵی سیم کارت ( SIM CARD ) دەنوێنێت.

تایبەتمەندییەکانی مۆبایل بریتیە لە:

1- پەیوەندیکردن بەکەسانی دیکەو بینینیان لەرێگەی نەوەیەکی نوێی ئامێرەکانی dct4 کە کامێرای وردی پێوەیە. 2- دەتوانی کورتەنامە بۆ هەموو شوێنێکی جیهان بنێریت. 3- خۆخەریککردن بەیارییەکان. 4- گوێگرتن لەگۆرانی بە سیستمی هەمەجۆری وەکو mp3- wav ogg هەروەها گوێگرتن لە رادیۆو ریکۆردەری دەنگەکان.

سەرچاوە: www.arabswell.com

# مام رەفیق پاڵانیو کارە دەستییەکانی



ئا/ هەڵمەت لەك

دەست رەنگینو هونەردۆست (رەفیق مستەفا عەلی) ناسراو بە (مام رەفیق پاڵانی)، لەساڵی 1940 لەگوندی پاڵانی سەر بەشارۆچکەی مەخموور لەدایکبووە، باوکی کەسێکی جوتیارو هەژار بووە، دوای هاتنە دونیای رەفیق تا تەمەنی گەنجیەتی هەر بەسادەیی ژیان بەسەردەباتو خوێندەواریشی نەبووە. مام رەفیق لەساڵی 1963 ژیانی هاوسەری پێکهێناوە, ناوبراو وەك هەر تاکێکی کورد رووبەڕووی دژایەتیو خاپورکردنی خانوەکانیانو تاڵانکردنی ماڵو سامان بووەتەوە، سەرەڕای ئەمەش بەشێکی زۆری

ژیانی لەئاوارەییو دەربەدەری بەسەربردووە، چونکە وەك کوردێك لەگوندی پاڵانیان ژیاوەو دوای خاپوورکردنی خانوەکانیان دووبارە بەدەستو پەنجەی خۆیان لەهەمان شوێن ژیانی پڕ سەروەری کوردایەتی نوێ دەکەنەوە, دیارە سەرەڕای هەموو ئەم نەهامەتیانە مام رەفیق هەر بەردەوام بووە لەکاری دەستییەکانو هەمیشە پەرە بەهونەری دەستو پەنجە رەنگینەکەی دەدات. ئەو لەتەمەنی گەنجیەوە دەست رەنگینی خۆی دەرخستوەو توانای دروستکردنی هەمووجۆرە شتێکی هەبووە, بۆیە ناوبراو بەشێوەیەك زیرەك دەبێتو بەهرەمەندی خۆی بەدەردەخات کە دەگێرنەوە لەشارۆچکەی مەخموور ئامێری (گیرە) نەبوە تەنها لەلای ئەونەبێت, هەروەها زۆر لێهاتووبووە لەدروستکردنی (لانكو پەرداخو هەمووجۆرە مەنجەڵێكو تانکیو بۆریو دەرگاو.. هتد)، ئەو زۆر حەزی لە (چەقۆ) دروستکردن بووەو شەیدای جوتیاریو جۆت کردن بووە. کارەکانی ژیانی بەلێهاتوویی خۆی راپەڕاندوە, هەروەها ئامادەبووە بۆ هەمووجۆرە کارێك وەك دەگێرنەوەو دەڵێن جگە لەدەست رەنگینی وەستا

بووە لەچاککردنەوەی (سۆپاو فانۆسو پەلەمێزو کۆمەڵێك پێداویستی ژیانی رۆژانە)، هیچ شتێك لەلای ئەو گران نەبووە.

لەبارەی کارەکانی مام رەفیق، بەشێك لەهاورێکانی پێیانوایە کە مام رەفیق زۆر بەتوانا بووە لەدروستکردنی هەموو جۆرە شتێك, بەکارە جوانەکانی هەموولایەك زۆر دڵخۆش دەبوون, وەك دەگێرنەوە کە توانایەکی بێوێنەی هەبووە چونکە چاوی بەهەر ئامێرێك یا هەر شتێك بکەوتبایە لەهەمان شت دروستی دەکردەوە جا بە داربوایە یان ئاسن. دواجار مام رەفیق لەرۆژی 2010/3/2 بۆ هەتاهەتایی ماڵئاوایی لەژیان دەکات، بەڵام کارە دەستییەکانی ئەو لەلای (فەخرەدینو مام نامیق)ی کوڕی دەپارێزێن.

# دیوەخانی حاجی سمایل

**ئا: جەلال خەیلانی**

**کوڕێك: حاجی سمایل ئەوا بوومە خەریج و قوتابخانەم تەواو کرد چی بکەم باشە؟**

حاجی سمایل: ئەی قورت بەسەری دەبی هەرجادەی بپێوی، یان سەبەینان پاقلەو شامینۆکی بفرۆشی، ئەگەر واستەشت هەیە... ئەوا هیچ!.

**هاوڵاتییەك: ئەوە چەند رۆژە کارەبای گەڕەکەکەمان زۆرباشە لەکاتی مۆلیدەی رەئیسی دێتەوە! ئەوە دەبی چ حیکمەتێکی هەبی؟**

حاجی سمایل: وەڵڵاهی کاکی من ئەوە یان مەسئولەك بوویتە جیرانتان یان کارەبای سایلۆت دزییە، یان لەگەر محەتەی گەیارەی تەنسیقت کردییە.

**هەژارێك: دەرێن دورنەت کردییەو گەنمەکی زۆرت لۆ هاتییە زەکاتمان دەدەیێ یان رەوانی سایلۆی دەکەی؟**

حاجی سمایل: کوڕە هەی فەقیر میروستان یەك دنکە گەنمی ببا دەیکوژم، زەکاتی چیو حاری چی؟ لۆ سایلۆش هەر هیچ چونکە پارەی ساڵی رابردووم وەرنەگرتیە ئەوجە تۆرەی ئەوسارە دەبی لۆم رەوانەی ناوقەبری بکەن.

**کرێکارێکی بێکار: حاجی بەو هاوینەی چ ئیشەکی دەکەی؟**

حاجی سمایل: کەسی کاکی سبەینان شامینۆکی دەفرۆشمو بەنیوڕانان کرێمستیو نانەقەیسی دەفرۆشمو شەوانیش لە دائیرەکی دەبمە حەرەس یان دەچم کوورەی دەسووتێنم.

**کچێکی خوێندەوار: ئەویٚ رۆژێ حاجیم دیت رۆژنامەی دەخوێندەوە ئەریٚ باشە حاجی خوێندەواری هەیە؟**

حاجی سمایل: کیژی خۆم رەشو سپی لێك جودا دەکەمەوە هەر نەبی تەمەشای رسمەکان دەکەم، خۆ لەوانە باشترم خیندەواری چاکیشیان هەیەو هەر جەریدەش نابینن.

| | |
|---|---|
| کاوڕ | رێگەیەکی تازە بگرە بۆ کارەکانت، هەموو کەسێك خەم دەخوات بەڵام وەك تۆ ناکات، کارە گرنگەکانت بۆ ماوەیەکی دیکە هەڵبگرەو لە هەستی خۆشەویستت بگە. |
| گا | ئەو کەسەی لەدڵتە هەستەکانی شاردۆتەوەوچاوەڕێ تۆ دەکات، لەم ماوەیە رووبەڕووی چەند گرفتێکی بچووك دەبیتەوە، بەڵام مەهێڵە ببێتە هۆی رووخانت. |
| جمك | کەسانی نزیکت فەرامۆش مەکە چونکە تۆیان خۆشدەوێ هەموو کاتێك بەقووڵی مەچووە نێوکێشەکان،کەسێك هەیە تۆی خۆشدەوێ لەدوورەوە ئاگای لەتۆیە. |
| قرژاڵ | لە قسەی کەس مەترسەو چونکە تۆ دڵت پاکە بەرامبەر ئەوانەی نیازی گرفتی تۆیان هەیە، لەرێگەیەکی دیکەوە لە خۆشەویستت نزیك ببەوە. |

| | |
|---|---|
| شێر | گومانت لەکەسێك نەبێت کە دەیەوێت لێت نزیك بێتەوە، شێوازی رەفتارەکانت بەرەو گۆڕان رۆیشتووە، متمانەت بە خۆت هەبێت چونکە ماوەیەکە تووشی دوودڵی بوویت. |
| گوڵەگەنم | ماوەیەکە زۆر بیر لەرابردوو دەکەیەوە ئەوەش باش نییە، دڵت گەورە بێ بۆ کێشەکانت، لەلایەنی سۆزو خۆشەویستیەوە بەئاشکراییو بەبێ پەردە پێی بڵێ کە ماوەیەکە لەدڵت پیرۆزبووە. |
| تەرازوو | خەم وئازارەکانی رابردوو لەبیردەکەی ژیانێکی نوێ دەست پێ بکە, ئاگاداری باری تەندروستی خۆت بێت, هەولەکانت بۆ بەستنی پەیوەندی خۆشەویستی دووبارە بکەرەوە. |
| دووپشك | بە هەڵە لە خۆشەویستت مەگەو چونکە ئەو نیازی دڵی تۆی دەوێت، نهێنیەکانت لەناو ناختدا بپارێزە، بەڵام هەولبدە لەلای کەسێکی بەمتمانەو نزیکت باس بکەیت. |

| | |
|---|---|
| کەوان | ماوەیەکی زۆرە خەریکی خۆشەویستی ئێستاکاتێکی گونجاوەبۆ دەربڕینی ئەوەی لەناختایە، کارەکانت پشتگوێ مەخەو گرنگی بە دڵی کەسی بەرامبەرت بدە، لە دوودڵی دوور بکەوە. |
| گیسك | هەموو کەسێك بناسە، بەڵام سادە بە لەمامەڵەوگفتوگۆکردندا، رێگەیەکی سادەت هەبێت بۆ ئەوەی لەدڵەوە لەخۆشەویستت بگەیتو ماوەیەکی زۆرە هەستەکانت جێگیر نییە. |
| گۆزە | مەهێڵە ناکۆکی بکەوێتە نێوان تۆو خۆشەویستەکەت، بەپێکەنین دەتوانی زاڵ بیت بەسەر زۆرکێشە، کاتەکانی ئێستات ناسکە, بەڵام تۆ واهەست دەکەیت کە پەشیمانیت پێوە دیارە. |
| نەهەنگ | پێویستە لەسەرت بیرکردنەوەکانت فراوانتربکەی، تووشی خەمۆکی دەبیت، ئەوکەسەی تۆ هەڵتبژاردووە زۆرگونجاوە، پە لەمەکە لەکارەکانت. |

## دوای بردنەوەی لەیانەی زەرایەن
# یانەی مەخموور لەخولی پلەیەکی کوردستان نزیك دەبێتەوە

**عەبدولرەحمان ئادەم**

لەدوا یاری خولی یانە پلەدووەکانی کوردستان کە لەیاریگای دووەمی کەرکوك بەڕێوەچوو، یانەی مەخموور توانی بردنەوەیەکی گرنگ تۆمار بکات بەسەر یانەی "زەرایەن"ی هەلەبجە بەئەنجامی دوو گۆلی بێ بەرامبەر، گۆلەکانی ئەم یاریەش لەخولەکانی (51 و 60)ی یاریەکە لەلایەن یاریزانان (محەمەد حەیدەر) و (معەمەر محەمەد) تۆمارکران، دوای ئەوەی گێمی یەکەمی یارییەکە بەبێ گۆل کۆتایی هات، بەلاَم یاریزانانی یانەی وەرزشی مەخموور لەگێمی دووەمدا توانیان کۆنترۆل یارییەکە بگرنەدەستو لەگەلّ ئەوەی چەندین هەلی ئاسانی گۆلّکردنیان لەدەستدا، بەلاّم ئەوە نەبووە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتنی یانەی مەخموور.

بەم بردنەوەش یانەی مەخموور توانی خۆی بگەیەنێتە چوار گۆشەی زێرین شان بەشانی یانەکانی (ئاکریّ، کفری، هەلەبجە)، وا بڕیارە رۆژی هەینی (2011/6/17) یانەی وەرزشی مەخموور لەتۆپی پیّ بەرانبەر یانەی (کفری) لەسەر یاریگای یانەی کەرکوك بەیەك بگەن، لەلایەکی دیکەوە یانەی ئاکریّ یارییەکی چارەنووسساز بەرانبەر یانەی هەلەبجە ئەنجام دەدات بۆ ئەوەی لەو چوار یانەیە دوو یانە سەربکەون بۆ خولی پلەیەکی کوردستان.




یانەی وەرزشی مەخموور لەخولی ئەمسالّ باشترین ئاستی نیشان داوەو لەهەشت یاریدا توانیویەتی شەش بردنەوە تۆماربکات بەسەر هەریەك لەیانەکانی (پیشەسازی، کەیوان، زەرایەن، تاخی، دوکان، سیروانی شارەزوور)، لەبەرانبەردا تەنها دووجار تامی دۆراندنی چەشتووە.

محەمەد نوری ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی مەخموور بەرێوەبەری هونەری یانەکە لەلیّدوانێکیدا رایگەیاند "سالاّنێکی زۆرە یانەی مەخموور نەیتوانیوە خۆی لەخولی پلەدوو دەرباز بکات، بۆ ئەمسالّ بەهەموو توانایەکی دەیەوێت ئەنجامێکی شایستە بەدەست بهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە یاریزانەکانمان لەمەشقی بەردەوام دان بۆ ئەو دوو یارییە چارەنووسسازەی کە ماوە"، گوتیشی "لەبەرئەوەی لەقۆناخی یەکەم بەپلەی دووەم سەرکەوتین، بۆیە دەبێت دوو یاری ئەنجام بدەین و سەرکەوتن بەسەر یانەکانی (کفری)و براوەی یاری نێوان (هەلەبجەو ئاکریّ) تۆماربکەین".

محەمەد نوری راشیگەیاند "بردنەوەمان بەسەر یانەی کفری هەنگاوێکی باش دەبێت بۆسەرکەوتن بۆ خولی پلەیەکی کوردستان کە ئەمەش خەون و ئاواتی هەموو

# راهێنەری هەلّبژاردەی عێراق لیستی یاریزانانەکان ئاشکرا دەکات

راهێنەری هەلّبژاردەی عێراقی "سیدکا" لیستی یاریزانی هەلّبژاردەی عێراق ئاشکرا کرد بۆ ئەنجامدانی یەکەی مەشقی هەلّبژاردەی عێراقو دواتر پێکهاتەی سەرەکی دەست نیشان دەکات.

لیستی یاریزانەکان لەخولی عێراق بەشدارن: (حوسام کازم (نەفتی باشوور)، هەرێم بورهان (پێشمەرگەی سلێمانی)، نێچیرڤان شوکری (زاخۆ)، سامال سەعید (نەجەف)، سامرسەعید (زەورا)، ئەحمەد ئەیاد (قوە جەوییە)، ئەمیر سەباح (زاخۆ)، فەرید مەجید (شورتە)، حەمادی ئەحمەد (قوە جەوییە)، حەیدەر رەعد گۆلّچی (کەرخ)، محەمەد سالّح گۆلّچی دووەم (کەرخ)، موئەنس قاسم گۆلّچی (بەغدا).

لیستی یاریزانە پیشەگەرەکان بریتین لە: شوان جەلال گۆلّچی یانەی (تۆرس مۆس)ی ئینگلیزی، عەلی سەلاح (وحدەی سوری)، نەشئەت ئەکرەم، یونس مەحمود، قوسەی منیر، عەلا عەبدزەهرە، سەلام شاکر، باسم عەباس، عیماد مەحمەد، موستەفا کەریم، هەوار مەلا مەحمەد، عەلی عەباس خولی ئوسترالیا.

جگە لەم چەند یاریزانانە هەروەها



هەریەك لە یاریزانان ئەنمار موبارەك (هیراکلێس هۆلەندی)، ئوسامە رەشید (فاینۆرد رۆتردامی هۆلّەندی)، مۆراد گەردی (سەقری یەمەنی)، یاسر قاسم (برایتۆن ئینگلیزی)، داوود حەیدەر (هالّسشێر ئەلّمانی)، ئەحمەد یاسین (ئۆربۆرۆ سویدی)، راوێژ لاوان (خولی دانمارك).

# شنایدەر هاندەرانی تووشی شۆك کرد

ویسلی شنایدەری هۆلّەندی و یاریزانی یانەی ئینتەرمیلان بیر لەجێهێشتنی یانەکەی دەکاتەوەو بەمەش هاندەرانی نیراتزۆری تووشی شۆککرد. دوای ئەوەی بۆندێکی یانەی چێلّسی بەبڕی



51 ملیۆن یۆرۆ رەتیکردوەوە دواتریش یانەی مانچستەر یونایتد ئامادەیی خۆیان پیشان لویش نانی یاریزانی یانەکە یان گرێبەستێك بەبڕی 35 ملیۆن یۆرۆ تادەستبەرداری شنایدەر ببن، بەلاّم هەردوو گرێبەستی رەتکردەوە. شنایدەر لەلێدوانێکیدا هاندەرانی یانەکەی تووش شۆککرد ئەویش کاتێك وتی " ئەوەی رۆژنامەکان دەیلێن لەبارەی منەوە هیچی راست نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت کە بیرلەوە دەکەمەوە ریزەکانی یانەکەم جێبهێلم، بەلاّم تاکو ئێستا بڕیاری کۆتایی نەداوەو مەگەر تەنها خوا بزانێت من روو لە کام یانەیە دەکەم.

# ریال مەدرید بەنیازە میسی نویّ بخاتەریزەکانیەوە



یانەی ریال مەدریدی ئیسپانیایی ئامۆژگارییەکانی رۆنالّدۆی یاریزانی پێشووی یانەکەی بەهەند وەردەگریّ سەبارەت بەگرێبەستکردن لەگەلّنیمار ئەستێرەی لاوی بەرازیلیو یانەی سانتۆس.

سەرچاوە هەوالّیەکان بلاّویانکردەوە، رۆنالّدۆی ئەستێرەی پێشووی بەڕازیل ئامۆژگاری خۆسیّ ئەنخیل سانچێز بەرپرس لە یانەی ڕیال مەدرید کردووە گرێبەست لەگەلّ نیماری هێرشبەری هەلّبژاردەی بەڕازیلو یانەی سانتۆس کە بەمیسی نویّ ناسراوە، ئیمزا بکەن.

فلۆرنتینۆ پێرێز سەرۆکی یانەی ڕیال مەدرید بڕیاریدا ئامۆژگارییەکانی رۆنالّدۆ بەهەند وەربگریّو پەلەبکات لەگرێبەستکردن لەگەلّ ئەو هێرشبەرە لاوەی هەلّبژاردەی بەڕازیل.

جێگەی باسە نیمار (19 سالّ) کە بەمیسی نویّ ناسراوە وەرزی ڕابردوو لەگەلّ یانەی سانتۆسو هەلّبژاردەی بەرازیلی خوار تەمەن 20 سالّ، ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد ئەمەش وای کرد نیوەی یانە گەورەکانی ئەوروپا هەولّی کڕینی بدەن، بەتایبەتیش یانەکانی بەرشەلۆنەو چێلّسیو یوڤانتۆس. لەلایەن خۆیەوە یانەی سانتۆس پێشتر داوایەکی 35 ملیۆن یۆرۆ یانەی چێلّسی بۆ کڕینی نیمار رەت کردبووەوە، ڕەنگە بەهای ئەو یاریزانە بۆ 45 ملیۆن یۆرۆ بەرزبێتەوە.

# پێی یەکێکیان دەبێتە زێڕ



خەلاّتی پێی زێرین سالاّنە بەو یاریزانەی ئەوروپا دەدرێت کە تەمەنی لەسەرو (30) سالّەوەیە و بەچاکترین یاریزانی تۆپی پێی ئەوروپا لەو تەمەنەدا دادەنرێت.

ئەمسالّ ئەم یاریزانانە پالّێوراون بۆ ئەوەی یەکێکیان خەلاّتەکە وەربگرێتو لەنێویاندا چوار یاریزانی ئیسپانیا دەبینرێن: (کارلیس پۆیۆلّ و چاڤی هێرناندێز و رائۆلّ گۆنزالێز و ئیکار کاسیاس – ئیسپانیا، دیڤید بێکهام – ئینگلتەرا، رایان گیگز – وێلز، سامۆئیل ئیتۆ –کامیرۆن، زانێتی –ئەرجەنتین).

شایانی باسە سالّی پار فرانچیسکۆ تۆتی ئیتالّی ئەم خەلاّتەی وەرگرت و لەگەلّ ئەوەی ئەمسالّ چوار یاریزانی ئیسپانیا لە پالّێوراوەکانن، بەلاّم تا ئێستا هیچ یاریزانێکی ئیسپانیا ئەم خەلاّتەی نەبردۆتەوە.

# گواردیۆلا: سەرکەوتنەکانی بەرشەلۆنە بۆ یاریزانەکانی دەگەڕێتەوە

**کامەران محەمەد**

پیپ گواردیۆلای راهێنەری یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانیایی سەرکەوتنەکانی یانەکەی بۆ ئاستبەرزیی یاریزانەکانی گەڕاندەوە نەك مەشقەکانی یانەکەی.

گواردیۆلا لەدیدارێکدا لەگەلّ رۆژنامەی "سپۆرت"ی ئیسپانیایی گوتی، خۆم بەگەورەتر لەراهێنەرانی تر نازانم، بگرە لە کارەکانم هەموو توانایەك بەکاردێنم بیّ ئەوەی لە بیر بکەم لە کوێوە هاتووم، هەروەها هەموو کات هەولّ دەدەم لەگەلّ یاریزانەکان راستگۆبم". زیاتر گوتی "تیپەکەم لەگەلّ هەر راهێنەرێکی تر سەرکەوتوو دەبوو، بەلاّم من سەرکەوتوو نەدەبووم بەبیّ بوونی ئەو یاریزانە لێهاتووانە. راهێنەری



یانەی بەرشەلۆنە گوتیشی "کارێکی ترم لە راهێنەرانی تۆپی پیّ زیاتر نەکردووە، ئەوەی ئەوان لە خولی پلە یەك و پلە دوو و خوارتر دەیکەن، منیش هەر ئەوەم کردووە.

یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانیایی وەرزی رابردوو بەکۆکردنەوەی 98 خالّ توانی نازناوی خولی ئیسپانیا بەدەست بێنیّ، هەروەها توانی بەئەنجامی 3–1 گۆلّ لە یانەی مانچستەر یونایتد بباتەوەو خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا بەدەست بێنیّ.

جێگەی باسە گواردیۆلا لەسالّی 2007 بووە راهێنەری دووەمی یانەی بەرشەلۆنە، بەهۆی زیرەکیو ئاستبەرزی ئەو راهێنەرە بەفەرمانی لاپورتا سەرۆکی یانەکە بووە راهێنەری یەکەمی بەرشەلۆنە. گواردیۆلا (40 سالّ) لەماوەی 3 سالّی راهێنەرایەتی یانەی بەرشەلۆنە توانیویەتی 3 نازناوی خولی ئیسپانیاو 2 نازناوی خولی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا بەدەست بێنیّ.

## هەوالّە وەرزشیەکان

### رۆنالّدۆ لە یانەکەی دەمێنێتەوە

کریستیانۆ رۆنالّدۆی یاریزانی یانەی ریالّ مەدرید رایگەیاندووە، بیر لەبەجێهێشتنی یانەکەی ناکاتەوە. لەگەلّ ئەوەی چەند گرێبەستێکی گرانبەها لەلایەن یانە ئەوروپییەکانەوە، بەتایبەت یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزییەوە پێشکەشکراوە، لەوبارەیەوە گوتی "داهاتوی من دیارە، کە لەیانەی ریالّ مەدریدایەو هەموکەسێکیش دەزانێت کە نیازی من مانەوەیە لەیانەکەمدا، کە ئەمەش گومانی تێدا نییە، چونکە دلّخۆشم بەیاریکردن لەگەلّ ریالّو خەو بەبەدەستهێنانی نازناوەکانەوە دەبینم لەگەلّ ئەم یانەیەدا".

### میسی: ئامانجی داهاتوو جامی کوپا ئەمریکایە

لیۆنێل میسی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، بەراستی ئەوە شانازییەکی گەورەیە لەماوەی 6 سالّدا سیّ نازناوی جامی یانە پالّەوانەکانی ئەوروپا ببەیتەوە. لەبارەی جامی کوپا ئەمریکاشەوە کە ئەمسالّ ئەرجەنتینییەکانیشی تێدایە، میسی وتی "بێگومان پالّەوانێتییەکی زۆر گەورەیەو لەگەلّ ئەوەشدا ولاّتەکەم هەلّدەستێت بەسازدانی و ئامانجی داهاتووشم بەدەستهێنانی ئەو نازناوەیە لەبەرئەوەی نازناوێکی گەورەی ئەمریکای لاتینە.

### هاکان شوکور بەرەو پەرلەمانی تورکیا

دوای ئەوەی پرۆسەی هەلّبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیا بەڕێوەچوو، لیستی ئاکەپە زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێنا، کاندیدی ئەو لیستەو یاریزانی پێشووی هەلّبژاردەی تورکیاو خاوەنی خێراترین گۆلّ لەجامەکانی جیهانیدا (هاکان شوکور)، بوونە ئەندامی پەرلەمانتاری تورکیا مسۆگەرکرد، شوکور بەزۆرترین گۆلّکاری خولی تورکی دادەنرێت کە تاوەکو ئێستا 395 گۆلّی تۆمارکردووە، ئەو لەدایکبووی سالّی (1971)، بەیەکێك لە گەوهەرە دیارەکانی پێشووی یانەی گەلّەتە سەرای ئەو ولاّتە دادەنرێت.

### چاوەڕوانی مایکل بالاك بن

واکیم لۆڤ ڕاهێنەری هەلّبژاردەی ئەلّمانیا ڕایدەگەینێت کە "بەم نزیکانە پەیوەندی بە بالاکەوە دەکەم، چونکە دەمەوێت پێکهاتەیەکی بەهێزم هەبێت شانبەشانی یاریزانە نوێیەکانی وەك ئۆزێل و سامی خزێرەو مۆلەرو ماریۆ گۆمێز لە پالّیاندا یاریزانە بەئەزموونەکانی وەك لام و بالاك و شڤانشتایگەر هەبن کە ئەزمونێکی باشیان لە یارییە نێودەولّەتیەکان هەیە بە تایبەت بالاك کە ئەمەش دەبێت هەلێك بۆ کە یۆرۆی 2012 بکاتە دوا هەلی خۆی".

مۆبایلی سەرنووسەر
0750 465 5463
makhmur@yahoo.com


بەختیار محەمەد
سەرنووسەر


عەبدولرەحمان ئادەم
دەستەی نووسەران


خەلیل پالاّنی
دەستەی نووسەران


کارزان غەمگین
دەستەی نووسەران

ناونیشان
کوردستان - هەولێر
مەخموور